# سيفەت وچۆنیەتی خۆشۆردن لە لەشگرانی

لە مەیمونەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: « ئاوم دانا بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆئەوەی خۆی بشۆرێت (پاش لەشگرانبوونی)، بە قوماشێك پۆشیم (پەردەم بۆ دانا)، وئاوی کرد بەدەستەکانیدا وشۆردنی، پاشان بە دەستی ڕاستی ئاوی کرد بەسەر دەستی چەپی، ودامێنی (عەورەتی) شۆرد، ودەستەکانی دا بەسەر زەویدا ومەسحی کرد، پاشان شۆردی، دواتر ئاوی ڕادا لە دەم ولوتی، ودەمو چاو وهەردوو قۆڵی (باڵەکانی) شۆرد، پاشان ئاوی کرد بەسەر (قژ) ولاشەیدا، دواتر چەمایەوە وپێیەکانی شۆرد، وپارچەیەک قوماشم بۆ هێنا بەڵام وەری نەگرت، ڕۆیشت وئاوی سەر دەستەکانی لادەدا».

[سەحیح - ڕاست]] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]]

دایکی ئیمانداران مەیمونە -ڕەزای خوای لێبێت- سیفەت وچۆنیەتی خۆشۆردنی -غوسڵی- پێغەمبەری باسکرد -صلى الله عليه وسلم- لە لەشگرانی، سەرەتا ئاوی بۆ دانا بۆئەوەی خۆی پێ بشوات، وبە قوماشێك پەردەی بۆ دانا بۆئەوەی لە پشتیەوە خۆی بشوات، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم کارانەی ئەنجام دا: یەکەم: ئاوی کرد بە دەستیدا وشۆردنی پێش ئەوەی دەستی بخاتە نێو ئاوەکە. دووەم: بە دەستی ڕاستی ئاوی کرد بە دەستی چەپی ودامێنی شۆرد؛ بۆئەوەی شوێنەواری لەشگرانی بەسەرەوە نەمێنێت. سێیەم: دەستی دا بەسەر زەویدا، ومەسحی کرد پاشان شۆردی بۆئەوەی شوێنەواری ناپاکی بەسەرەوە نەمێنێت. چوارەم: ئاوی ڕادایە نێو دەمی وجوڵانی وغەرەغەرەی پێکرد لەنێو دەمیدا پاشان فڕێی دا، وئاوی هەڵمژیە نێو لووتەکانی بە هەناسەی، پاشان ئاوەکەی فڕێدایە دەرەوە. پێنجەم: دەم وچاو وباڵەکانی -سەرەپەنجەکانی هەتاوەکو ئانیشکیشی- شۆرد. شەشەم: ئاوی کرد بەسەر سەریدا. حەوتەم: ئاوی کرد بەسەر هەموو بەشەکانی تری لاشەی. هەشتەم: لە شوێنەکەی خۆی لاچوو، ولە شوێنێکی تر پێیەکانی شۆرد چونکە پێشتر نەیانی شۆردبوو. پاشان پارچە قوماشێکی بۆ هێنا بۆئەوەی خۆی پێ وشك بکاتەوە بەڵام وەری نەگرت، وبە دەستەکانی ئاوی لەسەر لاشەی لادەبرد.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3310